# توندوتیژی دژ بە ژنان
# هۆکار... چارەسەر



ئەمیرە ئەسعەد عەلی

ماوەیەکە لە دەزگا راگەیاندنەکانی کوردی بە(بیستراو و بینراو)ەوە باس لە دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەکرێت. بەتایبەتی کوشتنی ژن، بەبیانووی سڕینەوەی شەرەف (غسل العار)و چەندان بیانوویتر لەم یەك دوو ساڵە زیادی کردووە.

توندوتیژی لەژێر هەر پەردەیەك‌و بەهەر بڕوبیانوێك بێت دەچێتە خانەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤو زەوتکردنی ئازادی تاکەکانی کۆمەڵگا، دیاردەی توندوتیژی نەك هەر لە کۆمەڵگای کوردستان بڵاوە، بەڵکو لەزۆربەی زۆری وڵاتانی جیهان هەتا لەوڵاتە هەرە پێشکەوتوەکانیش ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەك فەرەنسا لە٩٥٪ ی ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، بەڵام لەو وڵاتانە بەپێی یاسا مامەڵە لەگەڵ بکەرەکان دەکرێت‌و مافی ژن دەپارێزرێت. واتا لەوڵاتاندا ڕێگا هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جۆرەکانی توندوتیژی بە تایبەت لەڕێگای یاساو سزادانی بکەرەکان مافی ژن دەپارێزرێ. بەڵام لەکوردستان هەرچەندە زۆربەی هەرە زۆری ژنان ڕووبەڕووی جۆرەها توندوتیژی ئەبنەوە وەك: کوشتن، لێدان، سوکایەتیپێکردن،دەستدرێژی سێکسی، بە زۆر بەشودان، پشتگوێ خستن، ئازاردانی دەروونی..هتد، بەڵام بەو هۆیەی تا ئێستا بەپێی پێویست یاسا کارەکانی خۆی ناکات، ئەنجامدەرانی توندوتیژی وەك پێویست بەسزای خۆیان ناگەن‌و رادەی هۆشیاری‌و ڕۆشنبیری ژن نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لەڕێگای یاساوە مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات، ئەویش بەهۆی ئەو پەروەردە سەقەت‌و نادروستەی کە ژنی پێ گۆشکراوە. وەك ئافرەت زەعیفەیەو نابێ لە فەرمانەکانی پیاو دەربچێ ، عەیب و شورەییە کچ، ژن بچێ بۆ دادگاو داوای مافەکانی بکات. ئیتر کەسایەتی ئەو ژنە لە نێو کۆمەڵ بە نزم سەیر ئەکرێت‌و چەندان ناو و ناتۆرە بۆ ئەو کەسە بە تایبەت لەلایەن خزم‌و ناسیاوان دروست ئەکرێت. بۆیە ئەبینین. لەبەر ئەمانە ژنانمان لەئاست داوا و مافەکانیان بێ دەنگ ئەبن‌و نەدرکاندنی ئەو توندوتیژیەی دەرهەقیان ئەکرێت، نەك تەنها لە دادگا، بەڵکو لەلایەن خزم‌و کەس‌وکارو هاوڕێیانیش دەبێ.

گرنگە لێرە باس بکەین بۆ توندوتیژی لە کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا زیادی کردوە؟ هۆکار زۆرن لەوانە: لە دوای راپەڕینی ئاداری ١٩٩١ کار بە یاساکانی حکومەتی عێراق کراوە، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٠ بڕیاری ٥٩ دەرچوو بۆ ئەوانەی لەژێر پەردەی هەر بڕوبیانوێك بێ ژن بکوژێ سزای تەواوەتی وەربگرێ، بەڵام ئەمە نەکرا. لەدوای ئەو ساڵانە بە سەدان ژن‌و کچ کوژران، بەڵام بکەرەکان زۆربەیان بە ئازادی ئەسوڕێنەوە، واتا لێرە مەبەستمە بڵێم یاسا بۆ سزادانی بکەری بکوژەکانی ژنان وەك یەك نەبووە. بۆ هەژارەکان‌و دەوڵەمەندە دەستڕۆیشتوەکان ئێرەو ئاسمان جیاوازی هەبووە. بۆیە توندوتیژی رەشەکوژی ژنان هەر بەردەوامەو لەرێژەکەی وادەبینین ڕۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە، هەروەها زاڵبونی کولتور ودابونەریتی وڵاتە دراوسێکان‌و زاڵبونی ئایدیۆلۆژیای ئاینی بە تایبەت دوای شەڕی ناوخۆ، کە ڕێگا خۆشکرا بۆ هەندێ گروپ‌وحیزبی توندڕەوی ئیسلامی، بەتایبەت کە لەلایەن ئێران کۆمەك‌و هاوکاری دەکران، کەبیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیای خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستان بسەپێنن، بەتایبەت خەڵکی ناڕۆشنبیرو نەخوێندەوارو هەژارو کەمدەرامەت. بەتایبەت ئێمەی کورد کە هەرگیز بەڕاست ودروستی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ناگەین. هەر کەس چۆن بۆمان راڤە بکات وای وەرئەگرین. ئیتر ئەو حیزب‌وگروپانە لە سەرەتای کارکردنیان بیروباوەڕی توندوتیژیان بڵاوکردەوە، بەتایبەت لەسەر مەسەلەکانی ژنان، ئیتر ئەگەر تێبینی بکەین رەشەکوژی ژنان لەو کاتەوەدەستی پێکرد، بە هەزاران کچ‌و ژنی پاك بوونە قوربانی. زۆر جار قوربانیەکان تەنها لەسەر پەیوەندیەکی خۆشەویستی یان لەسەر قسەو بوختان کوژراون، کە بەهیچ شێوەیەك ئاینی ئیسلام ئەمەی قبوڵ نیە، خۆی داوا دەکات ژیانی خێزانی لە سەر بنەمای خۆشەویستی‌و رێزگرتن دروستبێت، نەك بەزۆرە ملێ‌و توندوتیژی.

جگە لەمانە بۆ هۆی پێشکەوتنی خێرای جیهان‌و هاتنە ئارای سەتەلایت‌و مۆبایل‌و کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت لە کوردستان‌و پەیدابوونی سەنتەرو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی‌و رێکخراوەکانی ژنان...هتد. خەڵك بەتایبەت ژنان لە مانای ژیان گەیشتن ئیتر بەو پێیەی کۆمەڵگای کوردی پیاو سالاریەو پیاوانی ئێمە



قبوڵیان نیە ژنو کچەکان ئازادبن و مافەکانیان بزانن‌و چاوکراوەبن، ئەوان حەز دەکەن تەنها خۆیان بالاّ دەستبن‌و فەرمان و بڕیار دەربکەن‌و ژن جێبەجێی بکات.

بۆیە لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە، پیاوان وەخۆکەوتن بۆ بێدەنگکردنی ژنان، هەستان بە بەکارهێنانی جۆرەها شێوازی توندوتیژی‌و سەرکوتکردنی حەز و مافەکانیان، بۆیە دەبینین لەم یەك دوو ساڵەی دواییدا لە ئەنجامی توندوتیژی‌و زۆر و بێ دەسەلاّت بوونی ژن، ڕێژەی خۆسووتاندن‌و خۆکوشتن لەنێو کچ و ژنان زۆر زۆر زیادی کردوە. ژنان هەستدەکەن وەك مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت‌و بێویژدانانەو بەشێوازێکی دڕندانە دەچەوسێنەوە، کە ئەمەش چارەسەرنیە. بێگومان ئەنجامدانی توندوتیژی دەرهەق بە ژنان کاردانەوەی سلبی دەبێ لە ژیانی ژن وکچان لەوانە:

★ لە ناوبردنی کەسێتی ژن.★ لەدەستدانی باوەڕ بەخۆبوون.★ نەمانی توانا بۆ پەروەردەکردنی منداڵ ، بەشێوەی دروستو زانستی .★بەردەوام ئەو ژنانە توڕە دیارن، بێ سەلیقەو بێ ئومێدن.★زۆر جار لەئەنجامی توندوتیژی ژیانی خێزانی هەرەس دەهێنێ‌و شیرازەی خێزان تێکدەچێ.

دەکرێ لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، چۆن بتوانین ڕووبەڕووی توندوتیژی ببینەوە. لێرەدا دەڵێم بەر لەهەرشت دەبێ هەمووما هاوکاربین بۆ لەناوبردنی ئەو پەتا ترسناکە.

★یاسا دەبێ سەروەر بێت، بەبێ جیاوازی ئەوانەی توندوتیژی دەرهەق بە ژنان دەکەن بدرێنە دادگا، نەوەك بەناوی حزبی‌و سولحی عەشایەری‌و بوونی کورەمەسئول‌و خزمی مەسئول ..هتد، ئازاد بکرێن. بە تایبەت ئەوانەی بە ناوی سڕینەوەی شەرەف (غسل العار) بە دڕندانە ژنان دەکوژن‌و تەرمە بێ نازەکانیان لە شوێنە دوورەکان فڕێ دەدەن. دەبێ ئەو جۆرەکەسانە بەسزای یاسایی بگەن. بۆ ئەوەی خەڵك چیتر بەبێ ترس ژنان‌و کچان نەکوژن بەبیانوی جۆراوجۆر.

★ ڕێکخراوەکانی ژنان‌و سەنتەرەکانی تایبەت بەژنان‌و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بە جدی هەوڵ بدەن بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی، ئەویش لەڕێگای هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردنی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا، بەتایبەت ژنان‌و لاوان، ئەویش لە ڕێگای سازدانی سیمینارو کۆڕو ئەنجامدانی وۆرکشۆپ‌و لێکۆڵینەوە لە ئەگەرەکانی ڕوودانی توندوتیژی‌و چەندان ڕێگایتر.

★ دەبێ دایکان‌و باوکان هەوڵی گۆڕینی ئەو پەروەردە نا دروستە بدەن کە لە باوك‌و باپیرانەوە بە میرات بۆمان ماوەتەوە. لە ڕێگای نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان کوڕو کچدا لەخێزان. نەهێشتنی توندوتیژی لە سەر منداڵ، چ کچ بێ چ کوڕ. ئێمە ڕاهاتووین بەقسەی ناشیرین‌و سوکایەتی پێکردن‌و لێدان کەسایەتی منداڵ دروستبکەین. کە کەسایەتی سەقەت‌و نەوەیەکی دەروون نەخۆش بەرهەم دەهێنێت. دەتوانین نەوەی داهاتوو. بە شێوازی زانستی‌و دوور لە توندوتیژی گۆشبکەین، ئەمەش ئەرکی سەر شانی دایکان‌و باوکانی ئێستایە، بە تایبەت دایکان، چونکە پەروەردەکردنی منداڵ زیاتر ئەرکی سەر شانی دایکە.

★ پیاوەکانمان بەتایبەت گەنجانی ئەم سەردەمە هەوڵ بدەن بۆ گۆڕینی ئەو عەقڵە دواکەوتووەی کە زاڵە بەسەریان لە کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە، بۆ هەمووما کە دەبێ پیاو بالاّدەستو فەرمان بەدەستبێ، گەنجان دەتوانن جیاکاری ڕەگەزیتر نەهێڵن‌و کولتور و دابونەریتە دواکەوتووەکان وەلا وە بنێن. بەمانەوە دەتوانین ڕووبەڕووی توندوتیژی دژ بە ژنان ببینەوەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن‌و پێشکەوتنخواز بونیاد بنێین.